# پەشیمانی كچێك لە بیرەوەریەكانی

نەجات روستی
rosti @maktoob.com

بەسادەیی هەڵسوكەوتم لەگەڵ دەوروبەرەكەم دەكرد، هەمووئەومرۆڤانەم خوشدەویست كەلەدەوروبەرم بون، بە ئومیدبووم بۆ دوارۆژم ژیانیكی ئاسودە بنیاد بنێم دوربێت لە قسەو بەلێنی بێبنەما، لەرێگای‌هاوریكانم ئەو كوڕەم ناسی، زۆر هەولی دا لێم نزیك بێتەوە وبمناسی، ئیوارەیەك دەمویست بەرەو ماڵەوە بگەرێمەوە، بە ئوتومبێلە مارۆنیەكە لە بەردەمم وە ستا ووتی سەركەو بابتگەینم، نا.... . نا سوپاست دەكەم هەر خۆم حەزدەكەم بە پیادەبرۆم. ئاخركارم پێتە لە رێگا پێت دەلێم، بۆ كاتێكی تر ئەمرۆ كارم هەیە، هاورێ رۆرژنامەنوسەكەم چاوەرێم دەكات، دەتۆ سەركەوە باچیتر خەلك نەمانبینی ئەم گفتوگۆیە لە ریگا تەواو دەكەین، كەئەوقسەیەی كرد سەیری كاتژمێرەكەی دەستم كرد تەنها پێنج خولەك مابو بۆ ئەو ژوانەی لەگەل هاورِكەم هەبوو ناچار سەركەوتم لەریگا بەنیو كۆلانەكان رەتبووبەرەوجادەی شەستمەتری ریگای گرتەبەر، سەیركم كرد. . بۆ كویێ دەچی بەكۆلانی بەرامبەرمان زوتر دەگەین؟ نا. . نا بەشەستیەكە زوتردەگەین ورێگارەكە چۆلە، لەماوەیەكی كەم دا گەیشتە سەر جادەی شەستی و ئۆتومبیلەكەی هیواش كردەوەو دەستی كرد بە قسەكردن لە سەرەتای قسەكانی ووتی‌كەسێك باسی تۆیان بۆ من كردوە زۆر حەزم دەكردكە ئاشنای یەكتربین، پرۆژەی ئایندە بەیەكەوە دادەنینن ومەبەستم تێدەگەی منیش ئەوەندە سادەبووم بە قسەكانی باوەڕم كردو رەزامەندی خۆمم بۆ دەربڕی، بەلام ئەمرۆ كاری زۆرم هەیە دەبێت بگەمە شوێنی مەبەست چونكە چاوەرێم دەكەن، قسەكەم تەواو نەكرد پێی ووتم بەیانی كاتژمێر چەند ئەتوانم بتبینم، هەركاتی وویست ئەمە ژمارەی (........) مۆبایلەكەمەئەتوانی پەیوەندیم پێوەبكەی ئەگەرماوەم هەبوو وەلامت دەدەمەوە ئەگەرنا كاتێكی تریان خۆم زەنگێكت بۆ لێدەدەم تۆ تەلەفۆنم بۆ بكە، زۆر باشە ئیتر لەو رۆژەوە ناوەناوە تەلەفۆنی بۆ دەكرد، باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دەكردم، ئەوكاتانەی كەیەكتریمان دەبینی زۆرترین كات لە دوای كاتژمێر دووبو چونكە من بەبیانوی دەوام لە ماڵەوە دەهاتمە دەرەوە بەلام زۆر كەم دەچووم بو دەوام زۆر لەرۆژان خۆم لە هاورِێكانم دەشاردەوە تەنانەت مۆبایلەكەشم دادەخست بۆ ئەوەی كەس تەلەفۆنم بۆ نەكات بۆ ئەوەی ئاشكرا نەبم زۆر جاریش لە یادم دەچوو مۆبایلەكە دابخەم بە پەلە وەلامم دەدانەوە پێم دەوتن ئێستاكارم هەیەخۆم تەلەفۆنت بۆ دەكەمەوە، بە هۆی ئەم وەلام دانەوەم هاورێكانم لێم تورِە دەبوون تا ئاشتم دەكردنەوە زۆرزۆرداوای‌لێبۆردنم دەكرد بەڵام هەمان حالەت دووبارە دەبوە، ئەو رۆژانەی دەردەچووم بۆ شەستی ولەوێش ۆ دەوروەری شار هەر جاری بۆ شوێنك دەچووین، رۆژانە بەرلەوە دەرچونایە هەمیشە دڵخوازی‌خویی بۆدووبارەدەكردمەوە دەستی دەخستە ناو دەستم یان سەررِانم كە دەگەیشتنە شوێنی مەبەست لە پالٚ بەردیك یان لە ناو گژووگیایەك دەستبازی‌وماچ ماچینەمان دەكرد تابیزاردەبووین هەرچەندە من زۆر بێزاردەبووم هەمیشە قەلەق بووم نەوەك یەكێ بمانبینی بەڵام ئەو وازینەدەهینا لە دواوەش كاری سێكسی لە گەڵ دەكردم، كەمتەواویش دەبوو داوای لێبوردنی لێدەكردم ئەی ووت ئازارم دای ئیتر ئەمە ئاخرجارمە ئەوكارەبكەم ئیتر دووبارە نابێتەوە، بەرەو ئێواران دەگەراینەوە شارو ولە نزیك مالەوە مان دادەبەزیم كە دەگەیشتمەوە ماڵەوە كەلیان دەپرسیم بۆ دواكەوتی ئەم ووت ئەمرۆ كۆبونەوەمان هەبوو لە بەرئەوە دواكەوم، شەوانیش بۆ ئاشتكردنەوە ی هاورێكان تەلەفۆنم بۆ دەكردن پێم دەووتن ئەوە بۆ تەلەفۆنتان نەكردووە. و قەرزدارم دەكردنەوە بەڵام ئەم درویانەم بۆنەچووە سەرو هەموو جاری ناراستەوخۆ پێیان دەووتم كەمن چیدەكەم، بەڵام هەموو جارێ عاشام لێدەكردوهەمووجۆرپەیوەندیكی خۆشەویستیم رەتدەكردەوە. ماوەیەكی زۆربەم شێوەیە ژیانم بردە سەر

رۆژێکیان کاتژمێر یەکی دوای نیوەرۆ لەماڵەوە هاتمە دەرەوە هاوڕیەکەم تەلەفۆنی کردوو ووتی لە کوێی، شوێنی خۆمم پێووت، ووتی ئێستا ئەگەمە لات زۆری پێنەچووە لە بەردەمم وەستالەگەڵی سەرکەوتم، وەکو جاران بەرەو جادەی شەست مەتری کەوتە رێگاولەوێش بەرەوو ناو باخەکان کەوتەرێگا، ووتی، ماوەی سەعاتێك لێرە دەمێنینەوە و قسەدەکەین دوای دەڕۆینەوە، لەنزیك باخێك دابەزین وبەخاوەن باخەکەی ووت ئەتوانینن بینەوناو باخەکە ماوەیەك بمێنینەوە خاوەنەکەشی ووتی باخی خۆتانە کە رۆیشتن دەرگاکە لەگەڵخۆتان دابخەن، . کەچوینەوژورەوە لەنێیو باخەکە باوەشی پیاکردم بەررو قولای با خەکە کەوتینە رێگا، ئەو شوێنەی هەڵبژاردکە هیچ کەسیلێدیارنیە، لە ناو گیایەکی سەوزی ئەم بە هارە لە ژێرداریك دانیشتین، بەچاو تێرینکی ساختەوە بەتەواوی لەشم گوزەری کرد لەسەرەوە تاخوارەوە، دواتردەستی خستە نیو دەستم وباوەشی لە قەدم ئالاند، بەبێ ئەوەی وشەیەکی سۆزی لە دەم بێتە دەرەوە باس لە ئایندەی هەردووکمان بکات، دواتر دەستی خستە نیو رانەکانم. هێدی هێدی پەنجەکانی لە ژێر تەنورەکەم گیردەکرد، بە پشتا پاڵی خستم، ناوە ناوە ماچی دەکردم. . مەست. . مەست بووم تادوو تاسێ جار ئەولەزەتەم هەست پێکرد، دوای ئەوەی بەرامبەرم خۆی ئاسودەبوو بەبێ ئەوەی گوێلە خواستی من بگرێ وقسە بۆ ئایندەبکەین بە روێکی تورڕپێووتم بابرۆین من کارم هەیە دەبێت بۆ کاتژمێر (٦) بگەمەوە شار، بەم هەڵسوکەوتەی زۆر نیگەرانی کردم لەنیو ئۆتومبێلەکەشی بەبێ دەنگی کە گەیشتینەوە ناو شاروتی دەتەوێ لەکوێ دادەبەزی باخێرابتگەینم، بۆ دەرکەوت کە هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەرم نیە تەنها بۆکات بەسەربردن و ڕابواردنە، بریارم دا کە چیتر بە قسەزلەکانی هەلنەخەلەتێم، ئیتر نەچمەوە لای، چەند رۆژێ دوای ئەوە تەلەفونی بۆ کردم بە سەرم داخستەوە، دوای نیوسعات جارێکی تر تەلەفۆنی بۆ کردمەوە جارێکی تر دمخستەوە بێزاری کردم، ناچار وەڵامم دایەوە کەوتە قسەکردن وبەقسەی لوس قەناعەتی پێکردم رۆژی دواتر کاتژمێر (٣) ی ئێوار لە سەر شۆستەی دیارکردبوو وەستا، ئەم جارەش وەك هەموو جارێ لە گەڵی سەرکەوتم بەروشوێنکی نادیار دەرۆیشت تا لە شارچوینە دەروە لە دووری بیست کیلۆمەترێك لەنیوان دوو شاخ نزیك کانێکی ئاووەکوجاران دەستی کرد بەوروژاندی هەستی سێکیسم، ئەو رۆژە زۆر بەبێزەیانە جیا لەرۆژانی ترتەنورەکەی هەڵدامەوە لە دواوە باوەشی پیاکردم، هەولم دا خۆم لەدەستی دەربازبکەم بەڵام ئەولەمن زۆر بەهێزتر، هەردوو دەستی لەنیو گەلیم گیرکرد لەدواوە کارلە کارترازا ولە هۆش خۆم چووم، کە هەستم دامرکایەوە سەیری خۆم کردخوین بەلەشم دێتەخوارەوە، دەستم کرد بەگریان، بە چاوێکی سوکەوە پێیووتم بۆ چی دەگری من وام لێنەکردوی، پێشتراتلێهاتبوو من ئەوەندە ئەزیەتم نەداوی، لەو رۆژەوە ئیتر چارەم نەما کورەش وەکو جاران نەهات بەلامەوە هەرچەنجد هەواڵی دەپرسم نازانم لەکێیە هەندێ دەلێن بەرەو هەندەران رۆیشتوە، ، ئێستا هاوڕێکانی ئەو کورە بێزاریان کردووم ئەوەندە تەلەفۆنم بۆ دەکەن جاری واهەیەناوێرم تەلە فۆنەکەم بکەمەوە، چونکە لە ماڵەوش نازانن من ئەوکار دەکەم، ماڵەوە زۆر سیقەیان پێم هەیە، ئێستا ژیانم لێتاڵ بوە ناویرم لە ماڵەوە بێمەدەرەوە زۆرجاربەسەیارە بە دوام دەکەون ئەوانەی دەم ناسن هەندێکیان خۆیان لێم بەدووردەگرن بە تایبەتی کچەکانی هاوڕێکانم. ئێستا دەمەوێ برۆم ئەم شارە بەجێبهێلم برۆم بۆ شوێنك کەس نەم ناسی ئێستا من زۆر پەشیمانم کە لەگەڵ ئەوکورە دەچومەدەروەی شار، بێگومان چەندینی تر وەکو من هەن کوران بۆ رابواردن دەیانبەنە دەرەوە، داوادەکم لە ئاسایش کەبەدوای ئەمانە بگەرێ چونکە بە خۆشمەوە ئەمانە کۆمەلگە بەرەونەهامەتی دەبەن فەسادیسێکسی بلاو دەکەنەوە، چونکە من چەندین کچی تردەناسم بە قسەی ئەو کورانە هەڵخەلەتاون بەقسەی لوس، داوایان لێدەکەم واز لەو کارانە بهێنن کە تەنها بۆخامۆشکردنی ژیانی کچان ئەم کارە دەکەن وخۆشیان وەك بەرزەکی بانان بۆ دەردەچن. تێبینی

کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.